**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٨**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٩**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٨ی دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەماندا:-

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق ژمارە (٢٣) لە ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٦دا لەگەڵ تێکڕای ئەو کردارو بڕیارانەی کە بە گوێرەی بڕیاری ناوبراو وەرگیراون.

**ددوەم:** تێکڕای بڕی کرێی هەموارکراو لەبەرۆشنایی بڕیاری ژمارە (٢٣) لە ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٦دا وەک پێش دەرچوونی ئەو بڕیارەی لێ دەکرێتەوە.

**سێیەم:** ئەو بڕە پارانەی کە لەلایەن کرێ گرتەوە دراون بە کرێدەر ناگەڕێندرێنەوە لە ئاکامی ئەو زیاد بوونەی کە بەسەر بڕی کرێدا هاتووە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٦.

**چوارەم:** بە کرێدەر مافی نەتەوەی نییە داوای ئەو زیادە کرێیە بکا کە بەسەر گرێ بەندییە کەداهاتووە لە ئاکامی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٦.

**پێنجەم:** دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

**شەشەم:** دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**حەوتەم:** ئەم بڕیارە لە مێژووی دەچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**